# کۆتایی زەرقاوی!!

**تـاهیـر حـەسـەن**
tahirhassan1@yahoo.com

ئەمڕۆ پێنج شەممە 2006/6/8 فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، هەواڵی تەواوبوونی داستانی (زەرقای) ڕاگەیاند. جۆرج بووش‌و بلێر یەکەمین کەسانێك بوون، کە پیرۆزباییان بۆ مالکی‌و تاڵەبانی ناردو بەسەرکەوتنێکی گەورەیان بەسەر تیرۆریزمدا ناوزەد کرد.

دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا وەك خاوەنی بەهێزترین سوپاو جبەخانەی سەربازی پێشکەوتووو کورەی ئەتۆمی لە دنیادا، بە مەرگی بوونەوەرێکی یاخی وەك (زەرقاوی)و چەند چەکدارێکی دەوروبەری، کە دەمێك بوو 25 ملیۆن دۆلار پاداشتی لەسەر سەری دانابوو، هەتا شەو درەنگ جەژن دەگرن‌و هەڵدەپەڕن!.

هەواڵی تەواو بوونی داستانی (زەرقاوی)، بەخێرایی تەواوی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەکان‌و مانشێتی ڕۆژنامەکانی دنیای داگیر کرد. دوای مەرگی زەرقاوی ئاشکرابوو، کە کەسانێکی زۆر هەن لە دامەزراوە دەوڵەتی‌و نا دەوڵەتیەکانی ئەمریکاو غەربدا، لەبواری ژیانی زەرقاوی‌و شیکردنەوەی سایکۆلۆژی منداڵی وهەرزەکاری تەمەنی ئەودا، بڕوانامەیان وەرگرتووەو بە پسپۆڕی لە ژیانی ئەودا خەرجی ژیانی خۆیان دابین دەکەن!. هەندێکیان کە پێ دەچێ بە هاوکاری دەوڵەتی ئوردن‌و بەڕێوەبەرایەتی نفوس‌و پەروەردەو دادو تەنانەت موختارەکانی گەڕەکەکەی پێشووی زەرقاوی، وێنەی تەواوی قۆناغەکانی ژیانی ئەویان دەست کەوتووە. هۆی توندو تیژی‌و دڵ ڕەقی زەرقاوی دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە، زەرقاوی بە منداڵی ماڵیان لە تەنیشت قەبرسانێکەوە بووەو بینینی هەموو ڕۆژەی بەخاك سپاردنی ئینسانەکان کاریگەری لەسەر نەفسیەت‌و شەخسیەتی ئەو داناوەو کردوویەتیە ئینسانێکی ئاڵۆزو نزیکی کردۆتەوە لە دنیای غەیب‌و دووری خستۆتەوە لە کۆمەڵگە!!. هەمان ئەم لێکدانەوەو توێژینەوە پووچە لەکاتی دەستگیرکردنی(سەدام حسێن) یشدا تا ماوەیەکی زۆر بابەتی گەرمی میدیاکان‌و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی دنیا بوو!. بەوەی کە گوایە سەدام حسێن بە منداڵی بێ بەش بووە لە پێداویستسەکانی یاری‌و سەرگەرمی‌و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هەر لە منداڵیەوە شەڕەنگێزو ناسازگار بێت‌و ئەمەش ببێتە بەشێك لە ناسنامەو پێکهاتەی شەخسیەتی دڕندانەی ئەو!.

ئەگەر ئینسان بۆ تەنیا ساتێك ئەم لێکدانەوەو توێژینەوە منداڵانەیە قبووڵ بکات، دەبێ بەو ئەنجامە سەرسەوڕهێنەرە بگات، کە ڕوودانی جەنگی جیهانی یەکەم‌و دووەم‌و کارەساتێك کە بەهۆی ئەو جەنگانەوە بەسەر ئینسانیەتدا هاتووە، تەنیا میزاجی سەرۆکی چەند وولاتێك بووەو بۆ ناسینی ئەو میزاجانەش دەبێ بچینە سۆراغی ژیانی منداڵی‌و شێوەی پەروەردەبوون‌و سنووری ژیانی ئەو سەرۆکانەوە!. جێگای گاڵتەجاڕی نیە، بۆ ناسین وتێگەیشتن لەجەنگێك کە دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا سێ ساڵ بەر لە ئێستا بەسەر خەڵکی عێراقدا دایسەپاند، کەسێك ڕەوانەی خوێندنەوەی ژیاننامەی (جۆرج بووش) بکرێت؟!، یان کەسێك ڕەوانەی خوێندنەوەی ژیانی شەڕەنگێزی منداڵی (دیك چینی) بکرێت؟!. جێگای گاڵتەجاڕی نیە، ئەگەر بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوی 11ی سێپتەمبەر، کەسێك ڕەوانەی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیانی منداڵی(بن لادن)و (زەواهری) بکرێت‌و دوور ونزیکی ماڵیان لە قەبرستانەوە مەبنای پێوانە بێت؟!.

هەموو ئەم هەولانەی ئەندازیارانی شکڵدان بە ئەفکارو میدیاکانی درۆ هەڵبەستنی ئەمریکاو غەرب، لەپێناو شاردنەوەی هاوکێشە سەرەکی‌و پایەییەکانی کۆمەڵگەدایە، کە دیاردە کۆمەلایەتی‌و سیاسیەکان لێیانەوە سەرچاوە دەگرن‌و سەدانی وەك زەرقاوی‌و جۆرج بووش‌و بن لادن بۆ بەڕێوەبردنیان دەخولقێنن.

پێناسەکردنی دیاردەکانی برسێتی‌و گرانی‌و جەنگ‌و کودەتاو شۆڕش‌و مانگرتن‌و خۆپیشاندان‌و تیرۆیزم‌و ئیسلامیزم، لەسەری چەند کەسێکی دابڕاوو یاخی لە کۆمەڵگەدا، هەرچەندە لێکدانەوەیەکی کاڵ فام‌و منداڵانەو خاڵی لە هەر جۆرە زانستێکە، بەلاّم بەشوێن ئامانجێکی سیاسی دیاریکراوەوەیە. ئەوان دەیانەوێ لە پێشدا کێشە سەرەکیە سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەلایەتیەکانی کۆمەڵگە لە بزووتنەوە کۆمەلایەتیە چینایەتیەکانیان جیا بکەنەوە، پاشان ڕابەرانی بزووتنەوەو حزبەکانیشیان لەپایەی کۆمەلایەتی‌و بەرژەوەندی چینایەتیان دابڕن‌و وەکو ئینسانی دابڕاوو ئەتۆمیزەکراو ڕەوانەی دەشت‌و دەریان بکەن. تا بە ڕاوکردنیان، ئاهەنگی کۆتایی هێنانی هەڵسوڕان وجموجۆڵی سیاسی وسەربازیان بگێڕن‌و بەشەرییەتیش بهێننە سەما!. بەلاّم هەمیشە بەر لەوەی دەنگی تەپڵی سەمایان خامۆش بێت، کێشە کۆمەلایەتی‌و پاییەکانی کۆمەڵگە، سەری بزووتنەوەکان دووبارە بەرز دەکەنەوەو بۆ وەلاّم دانەوەی کێشە عەینییە لە مێژینەکانی کۆمەڵگە دێنەوە مەیدان.

ئەمریکاو غەرب‌و دەستوپێوەندەکانیان‌و میدیا نۆکەرەکانیان، شەوو ڕۆژ بۆ ئەوە تێدەکۆشن، کە کۆمەڵگەی ئینسانی بەو باوەڕە بگەیەنن، کە نائەمنی ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەلایەتی کە بەرۆکی بە ژیانی چەندین ملیار ئینسانی ئەم گۆیٚ زەویە گرتووە، سەرچاوەکەی چەندین کەسی وەك بن لادن‌و زەرقاوی‌و زەواهری و.... یە، بۆیە بۆ گێڕانەوەی ئەمنیەت بۆ ئینسانەکان‌و کۆمەڵگەکەیان، دەبێ بکەوینە ڕاوکردنی ئەو چەند کەسەو لەگەڵ کوژران یان دەستگیر کردنی هەر یەکێکیاندا جەژن بگێڕین!. ئەم لێکدانەوەیە لە زەرقاوی پووچ تر وفریوکارانە ترە.

سیاسەتی هەڵسوکەوتی نایەکسان‌و پلەدوویی ئەمریکاو غەرب بەرامبەر بە دنیای عەرەب‌و ڕۆژهەلاّت‌و لەپەراوێزدا ڕاگرتنی ژیانی خەڵکی ئەم وولاّتانەو بێبەشکردنیان لەگەشەو پێشکەوتنی پیشەشازی‌و تەکنۆلۆژیا لەلایەك،و قووتکردنەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل بەسەر سەری خەڵکی فەلەستینەوەو لایەنگری

کوێرانەی ئەمریکاو غەرب لە قەتلی عامی هەمە ڕۆژەی خەڵکی فەلەستین لەلایەن ئەم دەوڵەتەوە لە لایەکی ترەوە، بەدرێژایی قەرنی پێشوو بنەماو زەمینەی شکڵگرتنی بزووتنەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی دژی ئەمریکاییو دژی غەربی بووە. ئەمڕۆ لە دوای شکستی بلۆکی ڕۆژهەلات، ئیسلامی سیاسی دەیەوێ لەسەر ئەو زەمینە کۆمەڵایەتیە، جەنگی شەریکبوون لە دەسەلاتی سیاسیو پێناسەی دنیادا لە دژی ئەمریکاو غەرب بکات.

ڕووداوی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، گەورەترین بواری چالاکبوونەوەو گێڕانی مانۆڕی سەربازی بە ڕووی ئیسلامی سیاسیدا خستە سەرپشت. (زەرقاوی) یەکێك لە هەڵسوڕاوانی گێڕانی ئەم مانۆڕیە. بێشك جێگا خاڵیبوونی هەر هەڵسوڕاوێك لە نێو هەر بزووتنەوەو هێزێکدا کایگەری خۆی بەسەر ئەو هێزو بزووتنەوەیەوە بۆ ماوەیەك جێ دەهێڵێ، بەلاّم هەڵەیە ئەگەر کەسێك پێی وابێت ئەو بزووتنەوەیە بە لەبەینچوونی ئەو هەڵسوڕاوە تەواو دەبێت، چونکە ئەوە هەڵسوڕاوان نین کە بزووتنەوەکان دەخولقێنن، بە پێچەوانەوە ئەوە بزووتنەوەکانن کە هەڵسوڕاوان دەخولقێننو دووبارە بەرهەمیان دەهێننەوە. سێ ساڵ بەر لە ئێستا کێ ناوی کەسیکی وەك زەرقاوی بیستبوو؟!. کافیە ئینسان ئەو پرسیارە لە خۆی بکات، ئەو هۆیانە چی بوون وای کرد لەماوەی دووساڵدا کەسێکی وەك زەرقاوی سایە بخاتە سەر وەزعیەتی سیاسی عێراق، تا ئەو ڕادەیەی جۆرج بووش پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی کوشتنیەوە بەدنیادا پەخش بکاتەوە؟!.

بۆیە سیاسەتی ئەمریکاو ملهوڕی سەربازیی ئەو لە دنیادا، وێڕای ئەوەی سەرچاوەی نائەمنیو کوشتوکوشتارو وێرانکاریە، هاوکات زەمینەی گەشەکردنو بەهێزبوونی ئیسلامی سیاسیەو ئیستیراتیژی پەرەسەندنیان دەخاتە پێش. دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکاو پسپۆڕانی سیاسەتی دەرەوەیان، ئەمڕۆ خەریکن بەبەهێز کردنو چوونە ژێر باڵی ڕەوتێکی دەستەمۆ لە ئیسلامی سیاسی، دەچنە جەنگی ئیسلامی سیاسی بنلادنی، کە تا ئێستا ئامادە نیە سەروەری ئەمریکا بەسەر دنیادا قبوڵ بکاتو ئیستیراتیژی مانەوەو هەڵسوڕانی خۆی بە دژایەتی سیاسەتی ئەمریکاوە لە ناوچەکەدا گرێداوە. لەم سیاسەتەی ئەمریکادا تەنیا ئەو بەشە لە ئیسلامی سیاسی تیرۆریستن، کە لە دژی سیاسەتی ئەمریکا سەنگەریان گرتووە، ئەگەر نا کەسانی وەك بنلادنو زەرقاویش دەتوانن دۆستی ئەمریکا بن!. هەر ئێستاو لەنێو حکومەتە دەستکردەکەی ئەمریکادا لە بەغدا، چەندین زەرقاوی دانیشتوون!!. کێشمەکێشی قەومیو دینیو تایەفەییو عەشیرەتی نێوان (ساڵح موتڵەگو حەکیمو مقتدیو عەلاویو جەعفەریو تاڵەبانی) لەسەر پچڕینی دەسەلاتی زیاتر، گەورەترین بواری مانۆڕی سەربازی بە زەرقاویو بزووتنەوەکەی بەخشیوەو دەبەخشێ!.

ئەگەر قەراربێت ئیسلامی سیاسی دەستی کورت بکرێتەوە لەسەر ژیانی خەڵكو تەور بەدەستانی وەك زەرقاویو بنلادن زبڵدانی مێژوو جێگایان بێت، ئەوا دەبێ بەر لە هەر شتێك دەستی ملهوڕی سەربازیی ئەمریکا لەسەر خەڵکی عێراقو ناوچەکە کۆتا بکرێت.